# «ئادیافۆریزاسیۆن»ی ئێرانی و «بێ پێگەیی»ی کورد

**خالید خەیاتی**

ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی، بە ڕێگای دوو مۆدێلی ڕەفتاری یان دوو ستراتێژیی جیاواز بەڵام لە هەمان کاتدا کارا لە سەر یەکتر و لکێندراو بەیەکترەوە، «بێ پێگەیی»ی کورد لە ئێراندا دەستنیشان دەکات. کورد لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو ستراتێژییەدا- کە لە ڕاستیدا پێکهێنەری جەوهەری ئەخلاقیی نەتەوەی سەردەستن، و لە هەمان کاتدا وەکوو قەوارەیەکی هۆویەتی/کولتووری تایبەت و جیاکەرەوە (فارس/شیعە) نوێنەرایەتیی واتەی ئێرانیبوون و فۆڕمی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی خەیاڵیی ئەو ئێرانیبوونە دەکەن ـ تەنیا ڕۆڵی ئۆبژە دەبینێت.

## سەرەتا

بـــەدوور لـــە هـــەر ئیدیعایەکـــی تیۆریکـــی/ میتۆدۆلۆژیکـــی، ئامانجی ئەم نووســـراوە کورتە، بریتییە لە زەقکردنەوەی پرسیار یان تێرامانێکی لەنـــاکاو، کـــە ببێتە هۆکاری ئـــەوەی لە خۆمان بپرســـین کە لـــە مۆڕاڵی سەردەســـتی ئێرانی و ئێرانیبووندا، «بێ پێگەیی» و وردەکارییەکانی ئەم «بێ پێگەیی»یـــە چۆناوچۆن وێنادەکرێت و بە چ شێوەگەلێک بەرهەم دێتەوە. ئاخۆ ئەم وێنانەی کە سۆبژەی ئاساییی ئێرانی لە ژێر کاریگەریی مۆڕاڵی زاڵ و هەروەها کۆنژۆنکتووری سیاسیی ناوخۆیی و ناوچەیـــی، لە کوردیان بەرجەســـتە دەکاتەوە، هەڵگـــری چ تایبەتمەندییەکن و لـــەم پێناوەدا، وورد لە بەستێنی کۆمەڵگەی خەیاڵیی (Ander-son 1991) ئێرانی یان لە سیســـتەمی ئەخلاقیی ئێرانیبوونـــدا، چ پێگەیەکی پێ بەخشـــراوە؟هەر لەم پەیوەندییەدا، چەمکی ئادیافۆریزاســـیۆن کە لە لایـــەن کۆمەڵناس و فیلەســـۆفی پۆلۆنیایی-بریتانیایی، زیگمۆنت باومان (Zygmunt Bauman 1925-2017) داڕێژراوە،چ واتەیەکی هەیە و تا چ ڕادەیەک دەتوانێ تایبەتمەندییەکانی سیستەمی مۆڕاڵی ئێرانی لە پەیوەندی لە گەل کورددا ڕوون بکاتەوە؟

## «زیگمۆنـــت باومـــان» و چـــــــــەمکی «ئادیافۆریزاسیۆن»

چەمکی ئادیافۆریزاسیۆن (Adiaphorisation) کە لە نووســـراوەکانی زیگمۆنت باومان دا پێگەیەکی بەرچـــاوی هەیە، لـــە ئەساســـدا ڕەخنەیەکە کە ئەو کۆمەڵناســـە ئاراســـتەی بنەما مۆڕاڵییەکانی مۆدێرنیتە و بێ تەفاوەتی و بێ مشووریی مرۆڤی کۆمەڵگـــەی هاوچەرخـــی دەکات. لـــە ڕوانگەی باومانەوە، هەرچەند مۆڕاڵ چەمکێکی کۆمپلێکس و فرەڕەهەنـــدە و بـــەم پێیـــەش ناکرێـــت هەتا ئاســـتی کاراکتەری تاکەکەسی دابەزێنی، بەڵام دیسانیش بە گوێرەی بۆچوونی ئەم فەیلەسۆفە، لە ناخـــی هەر تاکە مرۆڤێکدا غەریزەیەکی ئەخلاقی هەیە، کـــە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم مرۆڤە لە بەرانبەر چارەڕەشـــی و ئازاری کەسانی هەژار، بێ ماف و بێبەشـــکراو، هەســـت بـــە هاوخەمی/هـــاودەردی (Empathy) و بەرپرســـیارێتیی ئەخلاقی بـــکات (Bauman 1998a). باومان پێی وایـــە کە لە هەمان کاتیش دا، دەســـتکارییەکی کۆمەڵایەتی (Social Manipulation) لە ئارادایە (Bauman 1991) کەدەبێتـــە هۆکاری ئەوەی کە هێندێک دەســـتە و چین و توێژی سەردەست لە کۆمەڵگەی ســـەردەم لە ئەرک و بەرپرسیارێتیی مۆڕاڵیی خۆیان بەرانبەر بە پەرێشـــانی و ئازاری مرۆڤ دابماڵدرێـــن. لێرەدا، باومـــان بە تایبەتی ئاماژە بە پرۆســـەی ئادیافۆریزاسیۆن دەکات، کە لەوێـــدا کردەوەی ئەخلاقیی قیـــزەون، بە ڕێگای خۆدزینـــەوە لەوەی کـــە کۆمەڵناســـی بلیمەت پێی دەڵێ شـــەرمی ئەخلاقی (EthicalShame) و هەروەهـــا پشتبەســـتەن و خۆهەڵاوەســـین بە هێندێک پێوەرەی ناشاز، لە ئاکامدا خۆی وەکوو دیاردەیەکـــی ئەخلاقیی بێلایەن لـــە کۆمەڵگەدا نۆرماڵیزە دەکات (Bauman 1998a:115).

بۆ نموونـــە، ئەو دەســـتە و تاقمانەی کە لە سەرەوەی هیرەمی دەســـتەڵاتن و نوێنەرایەتیی مۆڕاڵی سەردەســـت دەکەن، بـــۆ خۆدزینەوە لە بەرپرســـیارێتیی ئەخلاقی بەرانبەر بە کێشـــەی هـــەژاری لـــە کۆمەڵگەیـــەک یـــان شـــوێنیکی نیشـــتەجێی دیاریکراو،بە ڕێـــگای کەڵکوەرگرتن لەو دەستکارییە کۆمەڵایەتییەی کە باومان باسی دەکات، فۆکووس یان سەرنج لە هەژاریی گشتی ڕا دەبەنە ســـەر ژمارەیەک تاک و گرووپ کە لە هەمان کۆمەڵگەدا بۆ نموونە خەریکی خەراپەکاری یان کردەوەی کریمینالن. لەم پەیوەندییەدا، چین و توێژی دەســـتەڵاتدار بە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە دامـــودەزگا بەهێزەکانی خۆیانـــەوە (میدیا و دەزگای ئیـــداری و سیاســـی)، نـــە تەنیا خۆیان لە هەموو بەرپرســـیارێتییەکی ئەخلاقی بەرانبەر بە بەشـــمەینەتیی ئەم هەژارانە بێبەری دەکەن، بەڵکوو تەنانەت بە ڕێگای پشتبەستن بە پرۆسەی ئادیافۆریزاســـیۆن دەتوانن بە پێچەوانەی واقیعی کۆمەڵگە، خەڵکە هەژار وبـــێ مافەکە بە تاوانبار

نیشان بدەن هەتا لە سەر هەمان ڕێچکە خۆیان جێگای قوربانی بگرنەوە و هاواری ئەوە بکەن، کە ئەوە ئەوانن کە وەکوو خەڵکێکی «خاوەن کەرامەت و کولتوور و شارستانییەت» کراونەتە ئامانجی خەڵکانێکی «بێ سەرە و بەرە» کە لە «شوینگەلێکی ناشاز و مەترسیدارەوە» خەریکن هێرشی خۆیان پێکبێنن(Bauman 1998a:114). بەم شێوەیە، نوێنەرانی مۆراڵی زاڵ، لە کێشانی هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان خۆیان و ئەوانی دیکەدا، هەم لە فۆڕمی جەستەیی و هەم لە فۆڕمی ئەخلاقیدا سەرکەوتن بە دەست دێنن؛ هێڵێکی جیاکەرەوە کە بە گوێرەی ئێدوارد سەعید (Said 1994) یەکلاییکەرەوە و بڕیاردەر دەبێت لە دەستنیشانکردنی شکڵێک لە مودێلی دەستەڵات یان تەرتیبی کۆمەڵایەتی کە لەوێدا لایەنی زاڵ (چین، ناسنامە، کولتوور، نەتەوەی سەردەست) ئیدیعای نوێنەرایەتیکردنی نۆرمی پێشکەوتوو وەکوو «گەردوونیبوون، دیمۆکراسی، دەوڵەت، مێژوو، شارستانییەت، عەقڵمەندی، یەکسانی، بەرپرسیاریتی ئەخلاقی و بێتاوانی دەکات، لە حاڵێکدا کە لایەنی دیکە بە تایبەتمەندیگەلی وەکوو «خۆجێیی، کولتووری نامۆ، نەریتی کۆن، هەستەمەندی، تووڕەبوون، دێسپۆتیسم، مەترسیداربوون و دینپەروەر» پێناسە دەکرێن. لێرەدا، پرۆسەی ئادیافۆڕیزاسیۆن تەنیا ئاماژە بە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی و بێتەفاوەتیی ئەخلاقی لە بەرانبەر چینی هەژار یان دەستەیەکی ئیتنیکی و کولتووریی مافخوراو ناکات، بەڵکوو لەوەش زیاتر، ڕاگرتن و بەسروشتیکردنی فۆڕمی دەستەڵاتداریی سیاسی و کولتووریی هەیی، لە بەرژەوەندیی لایەنی سەردەست بە ئامانج دەگرێت.

ئادیافۆڕیزاسیۆنی باومانی، وەکوو ڕەخنەیەک لە مۆراڵی هێزی دەستەڵاتدار، تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ دیاردەی هەژاریدا واتە پەیدا ناکات، بەڵکوو فۆنکسیۆنی ئەم چەمکە کۆی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە چەشنی کارەساتی هۆلۆکاوست، گلۆبالیزاسیۆن و دەرهاویشتە ناشازەکانی، ئابووریی لیبێرال، پەیوەندیی ئیتنیکی، کولتووری مەسرەفی، پرسی پەنابەری و کۆچبەری، پرسی جێندیر و ...دەگرێتەوە (Bauman 1998b).

## کورد لە پێکهاتەی «ئادیافۆڕیزاسیۆن»ی ئێرانیدا

ئادیافۆڕیزاسیۆنی ئێرانی، بە ڕێگای دوو مۆدێلی ڕەفتاری یان دوو ستراتێژیی جیاواز بەڵام لە هەمان کاتدا کارا لە سەر یەکتر و لکێندراو بەیەکترەوە، «بێ پێگەیی»ی کورد لە ئێراندا دەستنیشان دەکات. کورد لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو ستراتێژییەدا- کە لە ڕاستیدا پێکهێنەری جەوهەری ئەخلاقیی نەتەوەی سەردەستن، و لە هەمان کاتدا وەکوو قەوارەیەکی هۆوییەتی/کولتووری تایبەت و جیاکەرەوە (فارس/شیعە) نوێنەرایەتیی واتەی ئێرانیبوون و فۆڕمی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی خەیاڵیی ئەو ئێرانیبوونە دەکەن ـ تەنیا ڕۆڵی ئۆبژە دەبینێت. ئۆبژەبوونێک کە بە بێ خواستی خۆی لە سەر هێڵی نێوانی ئەو دوو ستراتێژییە ئادیافۆڕیزاسیۆنییەدا، کە باومان بە زۆنی خۆڵەمێشی (Gray Zone) ناوی دەبات، جێگا دەگرێت و فۆڕمی پێ دەدرێت، شایانی باسە کە لە هەمان کاتیشدا ئەم مەکان و فۆڕمانە سابیت و نەگۆڕ نین، بەڵکوو – هەر وەک لە گەلالەی پرسیاریشدا ئاماژەی پێ کرا- بە پێی بەرینی و بەرتەسکیی زۆنی خۆڵەمێشی - کە لە ئەساسدا لەسەر بنەمای حەز و ویست و مۆدێلی ئیدەئالی دەستەڵاتداری سۆبژەی ئێرانی پێکدێت - بەردەوام لە جووڵە و هەڵکشان و داکشاندایە. بە بۆچوونی باومان (Bauman 1990)، ئەم دوو ستراتێژییە بریتین لە:

- ستراتێژیی ئانترۆپۆفاجیک (Anthropophagic Strategy) یان ستراتێژیی هەڵلووشین کە لێرەدا گرووپی دەستەڵاتدار خۆی لە گرووپی پەراوێزخراو نیزیک دەکاتەوە، بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و هەوڵی دەستەمۆکردنی دەدات، هەتا لە کۆتاییدا قووتی بدات. بە واتەیەکی دیکە، ستراتێژیی

هەڵلووشین هەر هەمان پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنە کە لە بەرانبەر تاک و دەستەی سەر بە کولتوور و ئێتنیسیتەی جیاواز و «ناشاز»دا پەیڕەو دەکرێت. شایانی باسە کە زەبروزنگ لە ستراتێژیی ئانترۆپۆفاجیکدا ـ هەربەم جۆرەی کە کەیسی کوردیش دەگرێتەوە ـ ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکوو زۆرجاران فۆرمگەلی جەستەیی و سەمبۆلیکی کۆمپلێکس و شاراوەی هەیە کە دەستنیشانکردن و هەستپێکردنی بۆ دەستەی بەئۆبژەکراو هاسان نییە. هەربۆیەش لە چوارچێوەی ئەو ستراتێژییەدا، نوێنەرانی مۆراڵی سەردەست، نەتەنیا لە شاردنەوەی ئاجێندای ئەسڵیی خۆیاندا کە هەمان سەپاندنی نۆرمە پەروەردەیی، هۆویەتی، کولتووری و ئەخلاقییەکانی خۆیانە، سەرکەوتوو دەبن، بەڵکوو لەوەش زیاتر بە ڕێگای نیشاندانی هاوخەمی، دڵسۆزی و هاودەردیی ڕووکەشانە و دێماگۆژیک لە بەرانبەرگرووپی مارژینال، لە ئاکامدا دەتوانن تەنانەت لە هەیبەتی «پشتیوان»، «یارمەتیدەر»، «قارەمان» و«وەلی نیعمەت»یشدا دەربکەون. «فرهنگ کردها جزو غنیترین بخش فرهنگ ایران است»، «کردها هر جای دنیا باشند، بهترین ایرانی هستند»، «کردها شجاعترین فرزندان ایرانزمین میباشند»، ئەمانە چەند نموونەی تێڕوانین لە مۆراڵی زاڵی ئێرانین کە ئەگەر لە گۆشەنیگای ستراتێژیی ئانترۆپۆفاجیکەوە تەماشایان بکەین، دەکرێ بڵێین کە ئەم دەربڕینانە بە تەنیایی هەڵقوڵاوی زێهنییەتێکی ئیزۆلە و دابڕاو نین، بەڵکوو بە پێی ڕیشە و پێشینەی بەهێزی مێژوویی، ئەخلاقی، موئەسەساتی و پەروەدەیی کە هەیانە، سۆبژەی ئاسایی ئێرانی ئەرکدار دەکەن، کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆی و بە شێوازێکی نەرم و هێدی کورد -ئەگەر بکرێت بە یارمەتیی خودی کورد— لە پرۆژەی مافخوازی دووربکەنەوە و کارێک بکەن کە ئەم کوردانە ڕوویان لە ناوەند بکەن هەتا لە کۆتاییدا هەڵیانلووشن و بە واتەیەکی دیکە لە مودێلی ئەخلاقی و سیستەمی نۆرمی سەردەست دا بیانتوێننەوە. یەک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ستراتێژیی ئانترۆپۆفاجیک، ئەوەیە کە کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، پێویستە خاوەن شێوازێک لە مەوجوودییەت و هەبوونی سەرەتایی بێت؛ هەڵبەتە هەبوونێک کە نە لە فۆرمێکی موئەسەسەیی و حقووقیی فەرمیدا، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتی خۆیدا هەبوونێکی فۆلکلۆرێک کە هەر وەک فۆلکلۆریستی ئەمریکایی «دان بێن ئامۆس» باسی لێ دەکات، لە هەیبەتی کۆمەڵێک دیاردەی کولتووری وەکوو نەریت، هەڵپەرکێ، پەندی پێشینیان، مۆسیقا و گۆرانی، نوکتە و قسەی خۆش، جلوبەرگ و ... (Ben-Amos 1972) تەنیا لە فەزای خسووسی و ئەگەریش پێویست بوو لە مەودایەکی سنوورداری کۆمەڵایەتی و موئەسەساتی لۆکاڵی دەربکەوێت. ئەو فۆکلۆرە خسووسییە کوردییە، جاروباریش لە لایەن موئەسەساتی سەر بە نەتەوەی سەردەستەوە ڕێگای پێ دەدرێت کە وەکوو کاڵایەکی مەسرەفی، هەیەجانهێنەر لە فەزا ناوەندییەکانی وڵاتدا خۆبنوێنێت. لە نموونەی ئێرانیی ئەم جۆرە ڕەفتارانە کە بە شێویەکی گشتی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا لە ژێر سەردێڕی «بەشازکردنی دەستەی مارژیناڵ (Exoticization of Marginalized Group) ناوی دەبەن (Chadha&Kavoori 2008) ، دەتوانین ئاماژە بە هێندێک بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی ناوەند بکەین، کە لەوێدا جاروبار مەجال بە هونەرمەند یان گۆرانیبێژێکی کورد دەدرێت کە لە پۆشش و بەرگی کوردیدا هونەر و دەنگی خۆی تاقی بکاتەوە. بەدەر لە لایەنی هونەری و پیشەیی ئەم دیاردەیە، «بەشازکردنی دەستەی مارژیناڵ» لە چوارچێوەی ستراتێژیی ئانترۆفاجیکدا دوو فۆنکسیۆنی هەیە: یەکەم، ئەوەیە کە بەم ڕێگاپێدانە، ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی هاوتەریب لە گەڵ - بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەی کۆمەڵناسی بریتانیایی جۆن ئۆری - چێژوەرگرتن و دامرکانی حەزی نیگاکانی (Urry 2002)، هاوکات لە بەرچاوی نەتەوەی مارژێنال ئەو کردەویە وەکوو «چاکەیەکی گەورەی

جێگای منـــەت» وێنا دەکات. ئـــەم چاکەیە، کە بۆ ئادیافۆریزاســـیۆنی ئێرانی دەبێتە سەرچاوەی مەشـــرووعییەتی ئەخلاقی، لە هەمان کاتیشدا لە بەردەوامیی پرۆسەکەدا دەتوانێ نەتەوەی مارژینالْ بە لاڕێـــدا بەرێت و بە تەواوی لە مافی خۆی بێ خەبـــەر و بێبەریی بکات. دووهـــەم، ئەودەگمەن ڕێگاپێدانـــە، دەبێتە هۆکاری ئـــەوە کە نەتەوەی ژێردەستە - کە لە ناکاو تیشکی پرۆژۆکتۆرەکان و زۆمی کامێراکان شاگەشکەی دەکات - نە تەنیا هەست بە بەشداری و شـــەراکەتێکی ڕاستەقینە بکات، بەڵکوو لـــەوەش زیاتر، هەتا هەیە لە پێناو ئەو «چاکە» گەورەیەدا، شـــوکرانەبژێر بمێنێتەوە و تەنانەت خەونەکانی داهاتووشـــی بە ناوەندەوە ببەستێتەوە.

■ ســـتراتێژیی ئانترۆپۆئێمیک(Anthropoemic Strategy) کـــە ئەویـــش بە شـــەرت و مەرجی نەتەوەی سەردەست داڕێژراوە، ـ هەروەک باومان دەڵێت ـ بە پێچەوانەی ســـتراتێژیی هەڵلووشین مانـــای ڕشـــانەوە دەدات(Bauman 1990). لە بەرانبەر دەســـتەی بـــە ئۆبژەکـــراو و مارژینالْدا، ئیدی ستراتێژیی ڕشانەوە بە دوای نیزیکبوونەوە و ئاســـیمیلەکردندا ناگەڕێـــت، بەڵکوو خەریکی بەرتەســـککردنەوەی زیاتری هێڵی خۆڵەمێشیی جیاکـــەرەوەی نێـــوان ســـۆبژە و ئۆبـــژە دەبێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم دەستکارییە کۆمەڵایەتییە ئەوەیە کە نەتەوەی ژێردەستە حاشای لێ بکریت، بخرێتە ژێر فشـــار هەتا لە کۆتاییدا مەیدان چۆڵ بکات و بۆ هەمیشـــە لە بەر چاوان ون بێت. ئەم ستراتێژییە کە بە پێچەوانەی ستراتێژیی یەکەم، هەتا ســـەر ئێســـقان زەبروزەنگتەوەرە، لە پێناو دەســـتەبەرکردنی ئامانجەکانیدا، بە شـــێوازێکی سیســـتەماتیک لە توندوتیژی (لە هەردوو فۆرمی جەستەیی و ســـەمبۆلیکدا)، کەڵک وەردەگرێت. لـــەم پەیوەندییـــەدا، ئادیافۆریزاســـیۆنی ئێرانی وەکوو مودێلکی مۆراڵی کۆمپلێکس، دەستکاریی کۆمەڵایەتی و چەواشەکارییەکانی خۆی تەنیا بۆ بەسروشتیکردنی سیستەمی کۆڵۆنیال و هەروەها داپۆشـــین و نۆرماڵیزەکردنـــی بێمافیی کوردان بەکارناهێنێت، بەڵکوو ئەم چەواشەکارییە مۆراڵییە لە هەمان کاتدا سەرپۆشـــێکە بۆ شـــاردنەوە یان مەشـــرووعییەتدان بە مەکینەیەکـــی تۆقێنەری توندوتیژیخوڵقێـــن کـــە لە درێژاییـــی مێژووی پرۆسەی نەتەوەســـازیی ئێرانیدا، هیچ کاتێک لە بەرانبەر کورددا پشووی نەداوە. لەم پەیوەیدییەدا، هـــەر لـــە داگیرکاریی فیزیکیی وڵاتـــی کورد ڕا بگـــرە، هەتـــا قەدەغەبوونی ئازادیـــی تاک، زمان و پـــەروەردە و هەروەها دیـــاردەی کۆچبەری و ئاوارەیی کوردان، هەموو ئەوانە وەکوو عونســـورە ســـەرەکییەکانی ســـتراتێژیی ئانترۆپۆئێمیک و کەرەستەکانی مەکینەی توندوتیژیی ئێرانیبوون، خۆیان بەرجەســـتە دەکەنەوە. ئەم ســـتراتێژییە، هەروەک ئاماژەی پێ کرا، لە ئاکامدا لەناوچوونی کـــورد و بەردەوامیـــی ســـەروەریی سیاســـیی نەتەوەی باڵادەســـت بە ئامانج دەگرێت. «کردها پاســـداران ما را با حلبی ســـر میبرند»، «کردها خشـــن هستند و اسلحه دوســـت دارند»، کردها قاچاقچی هســـتند»، «کردهـــا ضدانقلاب و نوکر بیگانە هســـتند»، «کردها کافر هستند»، «کردها زن ســـتیز هستند»، «، ئەمانە کۆمەڵێک نموونەی ساختەکاریی مۆراڵین کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی خوێناوی و دوورودرێژی نەتەوەســـازیدا لە ناخی ســـۆبژەی ئاســـاییی ئێرانیـــدا فۆرمـــی پتەویان گرتـــووە. لـــەم فۆرمـــە مۆراڵییـــەدا، نـــە تەنیا بەشـــەیتانیکردنی کورد (Chadha&Kavoori 2008) و ستیگامتیزەکـــــــردنی (Gaufman 1963) ئەوان دەبێتـــە پراتیکێکی ڕۆژانە لە لای ئۆبژەی ئاســـاییی ئێرانی، بەڵکـــوو لەوەش واوەتر بە هۆی دەستنیشـــانکردنی نەتـــەوەی مارژینالْ وەکوو»ســـەرچاوەی گەلەکۆمـــە (Donskis 1998) و هەروەها هۆکاری مەترســـی بۆ ســـەر ئاسایشـــی نیشـــتیمانی، یەکگرتوویی نەتەوەیی و یەکپارچەییـــی خاک»، تەنانـــەت جێگۆڕکێی پۆزیسیۆنی هێرشبەر و قوربانیی لێ دەکەوێتەوە. لەم پیوەندییەدا، بە بەردەوامی کورد وەکوو لایەنی هێرشبەر پێناســـە دەکرێت لە حاڵێکدا کە ئێران و ئێرانیبوون، وەکوو «ســـەمبۆلی شارستانییەت،

ئاسایش و سەقامگیری» پۆزیسیۆنی قوربانیبوون بۆخۆیان دەستەبەر دەکەن. لەوەش زیاتر، لە ئاکامی ئەم ئادیافۆریزاسیۆنە چەواشەکار و ساختەکارانەیەدا، نە تەنیا کەسانی مرۆڤکوژی وەکوو قاسم سولەیمانی پێگەی قارەمان بە دەست دەهێنن، بەڵکوو لە هەمان کاتدا کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەران و ئیعدام و زیندانیکردنی کوردان و بگرە تەنانەت فەرمانی جیهادی خومەینیش بۆ سەرکوردان، لە لای سۆبژەی ئاساییی ئێرانییەوە وەکوو بەهایەکی هۆویەتی و کولتووری جێگیر بەرهەم دێتەوە.

## کۆتا

هەروەک لەم نووسراوەیەدا باس کرا، بە ڕێگای فەیلەسوف و کۆمەڵناسی پۆلۆنیایی/ بەریتانیایی زیگمۆنت باومان، بۆمان دەرکەوت کە ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی کاراکتەرێکی بەهێزی ساختەکارانە و چەواشەکارانەی مۆراڵیی هەیە، کە مەودا بە کوردان نادات کە لە ڕێگای هەوڵەکانیان لە پۆزیسیۆنی بەئۆبژەکراو و مارژیناڵ ڕا خۆیان بکەنە سۆبژەیەکی مێژوویی و کارا، هەتا سەروەریی سیاسی بۆخۆیان دەستەبەر بکەن. بەهێزتر لە شێوازی پێناسەکردنی باومانی، چەواشەکاریی مۆراڵی ئێرانی بە ڕێگای پشتبەستن بە دوو ستراتێژیی هاوتەریب و بەیەکەوە لکێندراو، تەنیا دوو ڕێگا لە بەرانبەر کورددا دادەنێت: یان بەو شێوەیەی ستراتێژیی ئانترۆپۆفاجیک (Anthropophagic Strategy) دەریدەخات، وەرن لە ئادیافۆریزاسیۆنی مۆراڵی و کولتووریی نەتەوەی باڵادەستدا ئاسیمیلە ببن، یان بە هۆی ئەو توندوتیژییەی کە ستراتێژیی ئانترۆپۆئێمیک (Anthropoemic Strategy) لەبەر دەمتانی دادەنێت، بڕۆن لە بەر چاوان ون ببن و بە تەواوی لەناوبچن.

بۆ دابڕان لە ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی و ڕزگاربوون لەو دوو ستراتێژیی هەڵلووشین و ڕشانەوەیە و لە ئاکامدا گەیشتن بە پۆزیسیۆنی سۆبژەی مێژوویی، دوو ڕێگای بەدیل بۆ کورد هەیە: یان (١) جیلێکی ڕۆشنبیری لە نێو نەتەوەی باڵادەست سەرهەڵدەدات و بە ڕێگای شۆڕشێکی مەعریفی و فەزیلەتی مەدەنییەوە، بناغەکانی ئۆنتۆلۆژیکی ئێستای ئێرانی تێکدەدات. بێگومان لە غیابی ئەم جیلە ڕۆشنبیرییەدا، ئەوە شۆڕشی هەژار و برسییەکانە کە ئەرکی هەڵوەشاندنەوەی ئادیافۆریزاسیۆنی ئێستای ئێران لە ئەستۆ دەگرێت. یان (٢) کورد ڕێگای خۆی جیا دەکاتەوە و لەپێناو داکۆکیکردن لە کەیسی خۆی کە دۆزێکی گەردوونیی خاوەن بەهایە بەردەوام دەبێت. دیارە ئەم بەردەوامبوونەش، لە ئاستی مۆراڵدا خوڵقێنەری ئەخلاقێکی «ئانتی-ئادیافۆریزاسیۆنی» دەبێت و لە ئاستی مەعریفەشدا دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی بۆ نەتەوەیەکی فیداکار و مێژوویی بە ئامانج دەگرێت.

## سەرچاوەکان


• Anderson, Benedict (1991), Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism (1983): 427-449.
• Bauman, Zygmunt(1990), Thinking Sociologically, Blackwell, Oxford.
• Bauman, Zygmunt (1991), «The social manipulation of morality: Moralizing actors, adiaphorizing action.» Theory, Culture & Society 8.1 (1991): 137-151.
• Bauman, Zygmunt(1998a), Work, consumerism, and the new poor. Philadelphia: Open University Press.
• Bauman, Zygmunt(1998b), Globalization: The Human Consequences. New York: Columbia University Press.
• Ben-Amos, Dan (1972), «Toward a Definition of Folklore in Context». In Bauman, Richard; Paredes, Americo (eds.). Toward New Perspectives in Folklore. Bloomington, IN: Trickster Press. pp. 3–15.
• Chadha, Kalyani, and Anandam P. Kavoori (2008), «Exoticized, Marginalized, Demonized.» Global bollywood: 131.
• Donskis, Leonidas (1998),»The conspiracy theory, demonization of the other.» Innovation: The European Journal of Social Science Research 11.3 (1998): 349-360.
• Goffman, Erving (1963), «Stigma and social identity.»
• Said, Edward (1994), Orientalism. 1978. New York: Vintage, 25.
• Urry, John (2002), The tourist gaze. Sage.